## ڕاگەیندراوی‌ژمارە 9. . . کومیتەی پەنابەرانی مانگرتوو- تورکیە

بە تێپەڕینی چل ڕۆژ لە دەستپێکی مانگرتنەکەمانەوە بە سەرنج دان بە داواکاری و پێڕاسپاردنی دۆست و پشتیوانەکانمان بە تایبەت حیزب. ڕێکخرا و کەسایەتی‌یە سیاسی و مافپەروەرەکان لە دەرەوە و ناوخۆی تورکیەدا و پێداگری و بەڵێنی ئەوان لە مەڕ بەشوێنداچوونی کێشەکەمان و بە مەبەستی پێدانی دەرفەتێك بە کومیساریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری خێرای گرفتەکانمان بە پێ ئەو بەڵێنانە کە لە لایەن بەرپرسانی ئەو کومیساریاوە لە ئانکارا بە بەشداری گەورە بەرپرسانی ئەمنیەتی تورکیە بە پەنابەران دراوە. لە ڕۆژی 2005/07/11 وە بۆ ماوەی یەك مانگ مانگرتنەکەمان ڕادەگرین!

ئێمە 47 پەنابەری مانگرتوو لە خواردن کە زۆربەمان تووشی نەخۆشی‌یەکانی دەزگای خواردن. خوێن. عەسەب و. . . هاتووین. ڕادەگەینین ئامانجی ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە مانگرتنە وەکو شێوەیەکی ئیجباری بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی. ئاکامی بەسترانی هەموو ڕێگاکان بووە و ئێستا کە ئیمکانی گەیشتنی دەنگمان بە هەموو لایەك پەیدا بووە ڕێگاکانی دیکەی ناڕەزایەتی دەربڕین ئەگرینە پێش و تا کاتی دیاری کراوی یەك مانگە کە UNHCR بتوانێ بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە ڕۆژانە لە بەردەم نووسینگەکانی ئەو کومیساریایە لە تورکیە دا کۆ دەبینەوە و لە ئەگەری پشت گوێ خرانی داواکاری‌یەکانمان لەو ماوەیەدا بڕیاری دەست پێکردنەوەیەکی چڕ و توندی کردەوەی ناڕەزایەتی‌مان داوە!

لێرەدا وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانین مان بۆ هاوکاری و پشتگری هەموو ئەو ڕاگەیەن و بڵاوکراوە. ماڵپەڕ و وێبلاگ. حیزب. ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی و مافپەروەرانە کە بە دەنگمانەوە هاتوون. داوای پشتگری و هەوڵی زیاتریان ئەکەین بۆ گوڕینی سیاسەتی UNHCR سەبارەت بە ئێمە و ڕاگوازتنمان بۆ وڵاتی سێ‌هەم!

کۆمەلی 1200 کەسەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە پێویستی بە پشتگری زیاتری هەموو لایەکتان هەیە بۆ ڕزگار بوون لەم نەهامەتی‌یەی تێدایە!

2005/07/11

کومیتەی پەنابەرانی مانگرتوو- تورکیە






PARK
YAPILMAZ





